# ڕێنمایی پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ساڵی (٢٠٢٠)

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو

١. پێدانی مۆڵەتی پروژەی پیشەسازی بە پێی یاسای سەرمایەگوزاری پیشەسازی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ی عێراقی دەبێت.

٢- قۆناغەکانی پێدانی مۆلەت بۆ پرۆژە تازەکانی پیشەسازی لەلایەن هەر یەك لە بەرێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) جێبەجێ دەکرێت بە پێی پلانی وەزارەتمان کۆتایی پێدێت بە رەزامەندی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.

٣- مه رجەکانی پێدانی مۆلەت:

أ- رەزامەندی سەرەتایی پرۆژە: ئەم پرۆژانەی لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت لە بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی هەولێر، سلێمانی، دهۆك دەست نیشان و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

١- ئامادەکردنی کەتەلۆکی پەسەند کراو لەلایە ن کۆمپانیای بەرهەم هێنەری ئامێرەکان یان نوێنەری فەرمی ئەو کومپانیانە بە مەرجێك مۆدیلی ئامێرەکان بە تەکنەلۆژیای سەردەم بێت و بە یەکێك لە زمانە رەسمییەکانی عێراقی بێت واتە کوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی وە ئەگەر بە زمانی تر بوو پێویستە وەربگێردرێت لە نووسینگەیەکی باوەڕ پێکراوی وەرگێران.

٢- پێویستە خاوەن پرۆژە نرخی ئامێرەکان (نمایش- عروچ) کەتەلۆك کە لەلایە ن کۆمپانیای بەرهەمهێنەری دیاری کراو یان گرێبەستی کڕینی ئامێرەکان لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەم هێنەری ئامێرەکان پێشکەش بکات.

٣- کە لکی ئابووری پرۆژەکە لەلایەن یەکێك لە نووسینگەکانی ئامادەکردنی کەلکی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

٤- پێشکەش کردنی نەخشەی سەرەتایی پرۆژەکە Lay outی لە کاتی پێویست.

٥- ئامادەکردنی بەڵێننامە لەلایەن خاوەن پرۆژە لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگاکان بە هێنانی ئامێرەکان و تۆمارکردنی لە دادنووس لە ماوەی دوو سال بۆ پرۆژەکەی.

٦- ئەگەر لە ماوەی (٣)سێ ساڵ پاش ماوەی (٢) دوو ساڵەکەی کە لە خاڵی (٥) ئاماژەی پێکراوە خاوەن پرۆژە، پرۆژەکەی تەواو نەکات، ئە م رەزامە ندبیە هەڵدەوەشێتەوە.

ب-مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژە (تحت التأسیس)

١- بڕوانامەی تۆمار کردنی ئامێرەکان لە فەرمانگەی دادنووس تۆمار بکرێت و مۆدیلی ئامێرەکان بە پێی جۆری بەرهەم و جۆری تەکنولوژیا دەستنیشان دەکرێت.

٢- کە لکی ئابووری پرۆژە کە لەلایەن یەکێك لە نووسینگەکانی نامادەکردنی کەلکی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

٣- نە خشەی سەرەتایی پرۆژەکە Lay outی لە کاتی پێویست.

٤- نەگەر لە ماوەی سێ ساڵ لە پێدانی مۆڵەت خاوەن پرۆژە، پرۆژەکەی تەواو نەکرد و دەست بە بەرهەم هێنانی نەکات مۆلەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٥- ئامادەکردنی بەڵێنامە لە لایەن خاوەن پروژە لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگاکان

تێبینی: ئەو خاوەن پرۆژانەی کە ئامێرەکانی لە دادنووس تۆمار کراوە وە دەیانەوێت لەسەر بارچە زەویەکی یان بینایەکی تایبەت بە خۆیان لە دەرەوەی ناوچەی پیشەسازی دابمەزرێنن، پێویستە رەزامەندی ژینگە و تەندروستی وەربگرێت.

ج- تەواوکردنی دامەزراندن (اکمال التأسیس)

پاش دامەزراندنی ئامێرەکان و بە گڕخستنی هێڵی بەرهەم هینان و دوای پشکنینی بەرهەمی کارگە لەلایەن تاقیگەکان تەواوکردنی دامەزراندن (اکمال التأسیس) بە خاوەن کارگە دەدرێت.

---

٤- رەوانە کردنی بەرهە می کارگە بۆ بازار پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی کۆنترۆلی جۆری هەیە.

٥- ئەو پرۆژانەی کە پێویستیان بە تاقیگە هەیە دەبێت تاقیگەی گونجاویان هەبێت وهەروەها دامەزراندنی کەسێکی شارەزا لەم بوارە دا.

٦- نابێت بە هیچ جۆرێك ئامێرەکانی کارگە بفرۆشرێت, یان سکراب بکرێت, بگوازرێتەوە , جۆر و هێڵی بەرهەم بۆ زیاد بکرێت  یان هەر گۆڕانکاریەکی تر بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی، بە پێی یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٩٨ی عێراق.

٧- هەر کارگەیەك تایبەتمەندی بە رهەمەکەی سەر بە هەر وەزارەتێکی پەیوەندیدار بێت، پێویستە رەزامەندی نەو وەزارەتە وەربگرێت پاشان مۆڵەتی پێدەدرێت.

٨- ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی ئەو کارگانە دەکرێت کە لەم پلانە پێشنیار کراوە.

٩- هەر پرۆژەیەك ناماژەی پێ نەکرابێت لەم پلانەدا و هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، دەکرێت موڵەتی پێبدرێت پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.

١٠- ئەم ڕێنمایانە جێبەجێ دەکرێت پاش پەسەندکردنی لەلایەن جەنابی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.